# راپۆرتی خۆپیێشاندانی کورده کانی دانیشتووی وولاتی سویس

له سه ر داخوازی کۆمیته ی پشتیوانی له په نابه رانی مانگرتووی کوردی رۆژهه لات له توركيا،کاتژمێردوو ونیوی پاشنیوه ڕۆی ٨ی ژوئه ن،به به شـــداریی زیاتر له ٥٠ کوردی دانیشتووی وولاتی سویس خۆپیێشاندانێک له به رده م به شی ئوروپایی باره گای نه ته وه یه کگرتووه کان له شاری ژنیڤ سازدرا.



کاتژمێرسێ ونیوی پاش نیوه رۆ کۆرێکی نوێنه رایه تی که له چوارکه س به ناوه کانی بەرێزان خاتوون که ژاڵی عه بباسی،داڤید ئیلر(پارلیمانتێرله ژنێڤ،ته یمور ئه لیاسی و هونه رمه ندبایرۆ له حیزبی سه وزه کان پێکهاتبوو ،له گه ڵ گه وره به رپرسانی کۆمیساریای به رزی په نابه راندا به م ناوانه کۆبوونه وه :

1 - BO SCHACK سەرۆکی بەشی سیاسه تی گشتی له ئوروپا

2 - EMMANUEL GIGNAC سەرۆکی بەشی عێراق وئاسیا و رۆژهه لات

3 - ALEXANDER BECK پارێزەری HCR

4 - MARICELA DANIEL : بەرپرسی پەیوەندی HCR له تورکیا

5 - HAMID BUKHARI راوێژکاری HCR له ئافریقاو ئاسیا



**له وكۆبوونه وه یه كه زیاتر له سه عاتێكی خایاند،ئه م خاڵانه ی خواره وه  تاووتۆكران :**

**–HCR ده سته به ری ئه مه ده كات كه توركیا هیچ په ناخوازێك ڕاده ست واته دیپۆرت ناكاته وه.**

**–رۆژی هه شتی مانگی حه وت،كۆبوونه وه یه كی سێ قۆڵی له نێوان نوێنه ری وه زاره تی ناوخۆی توركیا،نوێنه ریHCR و نوێنه ری په نا به رانی كورد له توركیا پێكهات. له و كۆبوونه وه یه دا حه ولدراوه ڕێگای وه رگرتنی ئیزنی كارله لایه ن توركیاوه بۆ په نابه ران هاسان بكرێته وه،واته هه زینه ی نوێكردنه وه ی كارتی مانه وه یان لێوه رنه گیرێ.**

**–HCR چاوێك به سیاسه ته كانی رابردودی له باره ی یارمه تی ماددی به و په نابه رانه دابخشێنێته وه و حه ول بدا قوتابخانه بۆ منداڵان دابین بكات.**
**–HCR ده حه ولی ئه وه دایه چاوێك به دۆسییه ی ۳۰ هه تا ٤٠ كه س له و په نا به رانه كه مانه وه یان له توركیا مه ترسیداره بخشێنێته وه و كارهاسانیان بۆ بكات بۆبه رێكردنیان بۆووڵاتی سێهه م.**



هه ر وه ها له م كۆبوونه وه يه دا به رپرسیHCR له به شی رۆژهه ڵات ئیشاره ی به مه ش كرد كه ئه م چۆنیه ته ته نیا كورده كانی رۆژهه ڵات نیشته جی له توركیا ناگرێته وه،ئه و كورده په نا خوازانه ش ده گرێته وه كه ئێستا له سنووری ووڵاتی ئۆردۆن و هه روه ها له نێوخۆی كوردستانی ئێراقن،ئێمه ده حه ولی ئه وه داین هه لومه رجێكی سه قامگیر بۆ ئه وانیش له نێوخۆی ئه م دوو ووڵاته دا دابین بكه ین.





ئەو نوێنەرانەی کە دانیشتنیان لەگەڵ HCR دا کردوە،بریار دراوە لە نیوە ی دووهە می مانگی ٨ی داهاتوودا بۆ پێداچوونە وە بە و هە وڵانە، لەگە ڵ کۆمیسارییای بە رزی پەنابەرانەوە کۆببنە وە.

<u>پەیامی پشتیوانی</u> :

1 - مانوئیل تورنارێ ، شهرداری جنێڤ .

2 - الیسکندر ماریۆتۆز ، حیزبی سوسیالیستی سویس .

3 - پاتریس میونی ، پەرلەمانتاری سویس .(لەڕێگەی قسەکەرەکەی ئیڤ دو ماتیاس)

**کۆمیتەی پشتیوانی لە پەنابەرانی کوردی ڕۆژهەڵات لە تورکیا**

10. 7. 2005